# کاک کونجرینی وەستا تۆفیق خاوەنی تەکسی نەبووە بەڕێزم ... شێرزاد خەراجیانی

بەڕێزێك بەناوی (کونجرینی) لەکوردستان نێتدا، بابەتێکی لەژێر سەر دێڕی (حاکم قادر و وەڵامێکی پۆلیسانە) نووسیوە.. لەو نووسینەدا باسی کۆمەڵێك شت دەکات، کەپێم وایە(وەڵام دراوەتەوەلەلایەن کاك حاکمەوە)... بەڵام ئەوەندەی کەمن ئاگادار بم باسی (وەستا تۆفیق) دەکات و دەڵێت........... (من دەمەوێت کاك حاکم وەڵامم بداتەوەخەزورەکەی کەناوی وەستا تۆفیقەخۆ لەپاش ڕاپەڕین خاوەن تەکسی بوو نەك کارگەو کارخانە.......... ). من بەو پێیەی ئامۆزای (وەستا تۆفیقم)، دەمەوێت ڕاستیەك بۆ کاك کونجرینی ڕوون بکەمەوە. کەهەرگیز (وەستا تۆفیق) تەکسی نەبووە. ئەوێك لەساڵی هەشتاکاندا (قۆنتەراتی) کردووەو خاوەنی (نیوەی بازاڕی ماردین) بووەبەرامبەر بازاڕی شکار، و دواتر (وەکالەتی دارو تەختە) ی هەبووە. لەگەڵ ئەوەی هەژاری هەرگیز شەرم نی یە، بەڵام من هەرگیز ئەوم بەهەژاری نەدیوە. ئەو کەلەگەڕەکی ئیبراهیم پاشا ژیاوە، بەسەدان دراوسێ و دۆست و ناسیاوی دەیناسن و دەزانن کەگوزەرانی ئەو چۆن بووە.

من وەك خۆم باوەڕی تەواوم بەوەهەیە(شتێك نیەلەسەروو ڕەخنەوەبێت). ئازادی ڕادەربڕینش بەهەر ئەدرەسێك بێت نابێت بڤەبکرێت، هەموو کەسێکیش مافی سرووشتی خۆیەتی چۆن بیر دەکاتەوە، یان بنووسێت. بەڵام ئازادی ناکاتەئەوەی (بەرامبەرەکەت) بریندار بکەیت، بریندار کردن کاتێك (شتێك بەپێچەوانەی ڕاستی یەوە) دەنووسرێت. بەتایبەت (سایتەکوردی یەکان) کەخوێنەرێکی زۆر دەیخوێنێتەوە.

هیوادارم بەوەی (کاك کونجرینی) هەست بکات بەوەی (هەڵەی) کردووە، و ئێستا لای ئاشنا بێت (کەهەرگیز وەستا تۆفیق) خاوەنی تەکسی نەبووە. ئەم چەند دێڕەم تەنها لەبەر (ڕاست کردنەوەی) هەڵەیەك نووسی، کەپێم وابوو ڕاست کردنەوەی شایەنی نووسینە، نەك لەبەر هیچی تر.